# سەراتۆساوروس

Ceratosaurus= Sair – At – saw – rus




سەراتۆساوروس


تایبەتمەندی :

سەراتۆساوروس دایناسۆرێکی شاخداری گۆشتخۆری دڕندەی بەهەیبەت بووە.
یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جەشنە دایناسۆرە، دەم و ددان و شەویلکە و سەر و ملێکی زۆر بەهێز بووە.
شاخێک لە بەشی لمبۆزی سەرەوەی و دوو گرێی ڕەقی ئێسقانیش لە تەوێلی دا جێگیر بوونە. سەراتۆساوروسی گۆشتخۆر خاوەنی دوو شەویلکەی گەورە و کراوەوەی پڕی ددانی تیژ بووە.




سەراتۆساوروس، گیاندارێکی گۆشتخۆری زۆر تووڕە و دڕ
بووە.

دوو شەویلکەی بەهێز و پڕ لە ددانی تیژی سەراتۆساوروس
چەشنە هەیبەتێکی بەسامی پێوە دیار بووە.



کەوانەی مل و شاخی سەر لمبۆز و دەم و ددانی تیژی سەراتۆساوروس نیشانەی
سامناکیی ئەو چەشنە دایناسۆرە بووە.

ملی ڕەختە و بەتوانای سەراتۆساوروس، هەڵگەڕاوەوە و بە چەشنی پیتی( S )ی
لاتینی بووە.



دوو قاچ و کلکی لە ڕادە بەدەر بەهێزی سەراتۆساوروس دەگەڵ
دوو باسک و دوو دەستی بچووکی لێک ناوشێنەوە، بەڵام چۆنکە
لە گۆڕەپانی شەڕ و ڕاو دا، زیاتر دوو قاچی بەهێز و شەویلکەی
بەتوانا و کلکی پڕماسولکەی بە فریای هاتوون٠کەواتە سروشت
هەر ئەو ئەندامانەی بۆ بەهێز کردووە، کە نیاز ڕەوا و ناندەری
بوونە ٠

کلکی لە ڕادە بەدەر درێژ و پڕماسولکەی ئەم دایناسۆرە جێی سەرنجە، بەڵام دوو باسکی قوڵە و دوو دەستی بچوکی ئەو دایناسۆرە دەگەڵ کلکی مەزنی یەکتر ناخوێننەوە.

دەستەکانی چوار قامکەیی بوون و هەر یەک لە قامکەنی چەنگوڕدارێکی تیژیان بەسەرەوە بووە. دوو باسک و دەستەکانی ئەم چەشنە دایناسۆرە، زیاتر بۆ گرتنی نێچیر و خواردنی، بەڵام بۆ ڕەوت و ڕۆ و غاردانیش هەمیشە دوو قاچە بەهێزەکانی دەکار هێناوە.

دوو چاوی زیت و گەورەی سەراتۆساوروس ئەم بۆچوونە دەخەنە بیری لێکۆڵەران، کە ئەم چەشنە دایناسۆرە خاوەنی بیناییەکی باش بووبن.



سەراتۆساوروسەکان خاونی چوائیسکەیەکی قورس و ئەندامێکی پتەوی پڕ ماسولکە بوونە.
کێشی ساراتۆساوروس نزیک بە 500 هەتا 1000 کیلۆ مەزندە دەکرێت.

درێژایی لەشیان لە فەرقی سەرەوە هەتا بنەی کلکیان،چوارو نیو هەتا شەش مەتەر و کێشی لەشی پڕ ماسولکە و ئێسقانی ڕەختە و قورسیان لە 500 هەتا 1000 کیلۆ مەزەندە دەکرێت.

## سەردەمی ژیانی سەراتۆساوروسەکان :


ئەم چەشنە دایناسۆرە گۆشتخۆرە گیاندارانی دەورەی ژوراسیکی نوێ بوون، کە 145 هەتا 156 ملیۆن ساڵ پێشتر لە ژیان دابوون.



## شێوەی ژیان :

سەراتۆساوروسەکان دایناسۆرانێک بوون ژیانی ڕۆژانەیان پێکەوە و شان بە شانی یەک بەسەر بردووە و بە کۆمەڵ چوونەتە نێچیرگەکان. لە ڕاوکردنیشیان دا هیچ گیانداریێکیان نەپاراستووەو هەرچی هاتۆتە جێ ڕاوگەیان، بۆی چوون و گۆشتوویانە و پێکەوە خواردوویانە. تەنانەت لە ڕاوکردنی دایناسۆرە مەزنە گیاخۆرەکانی وەک ساورۆپۆدەکانیش نەبووراون.

لە نێچیرگەکاندا ململانی گۆشتخۆری وەک ئالۆساوروسەکانیشیان کردووە و ڕاویان لەوانیش بڕیوەتەوە.




سەراتۆساوروس، یەکێک لە دڕندەترین دایناسۆری گۆشتخۆر بووە، کە بێباکانە هێرشی بردۆتە سەر دایناسۆری یەکجار زۆر مەزنتر لە خۆی.




## ڕادەی هۆش و فامی سەراتۆساوروسەکان :

سەراتۆساوروسەکان لە بنەماڵەی ترۆپۆدەکان بوونە و لە نێو دایناسۆرەکان، خاوەنی هۆش و فامێکی باڵا بوونە.



## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی سەراتۆساوروسەکان :

زۆربەی فۆسیلی سەراتۆساورسەکان لە کۆلۆرادۆ و ئۆتاوای ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها لە تانزانیای ئەفریکا دۆزراونەتەوە.
ساڵی 1884ی زایینی، ئۆتنەیل مارش ئەم ناوەی لێنان. مارش لە سەر ئەم باوەڕە بووە کە سەراتۆساوروسەکان بە چەشنی کرۆکۆدیلەکان مەلەوانانی شارەزا و چالاک بوونە.



ئۆتنەیل مارش

سەراتۆساوروس، نەواساوروس، کارنۆتاساوروس، ئیندۆسۆکۆس، ماجۆنگاتۆلۆس، ئەمانە بە گشتی لە بنەماڵەی (نیۆسەراتۆزاریا)ن و بە تێکڕایی گیاندارانی دڕندەی سەرەتایی بوونە.



هێرشی سەراتۆساوروسێک بۆ سەر دایناسۆرێکی مەزنی گیاخۆر.

چەند نموونە لە فۆسیلی سەراتۆساوروس :








فۆسیلی کەللەی سەری سەراتۆساوروس



فۆسیلی بەشێک لە کەللەسەر و شەویلکەی سەرووی سەراتۆساوروسێک




چەند پارچە فۆسیلی سەر و گوێلاک و شەویلکە و ددانەکانی سەراتۆساوروس .



چەند پارچە فۆسیلی مۆرەی پشتی سەراتۆساوروس

## سپەینۆساوروس
## Spinosaurus=Spei-no-saw-ros




تایبەتمەندی :

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم چەشنە دایناسۆرە، باوەشێنی سەرپشتی بووە. ئەو باوەشێنە بریتی بووە لە کۆمەڵە تیغە و بزمارەیەکی هەستیاری(عصبی)، کە ڕیشەیان لە گەڵ مۆرەکانی پشتی ئەو گیاندارە دا یەکانگیر بووە. لە نێوانی تیغە و بزمارەکانی سەرپشتی سپەینۆساوروس دا چەشنە پەڕڕە و پەرەدەیەک جێگیر ببوو، کە لە باری وێچوویییەوە دەکرێ دەگەڵ پەردەی پێی قاز و مراوی بەرامبەری دابنێی.



تیغە و بزمارەکانی سەرپشتی سپەینۆساوروس، لە سەر مۆرەکانی پشتی دایناسۆری ناوبراو ڕوابوون و یەکانگیری یەکتر بوون .

درێژایی تیغە و بزمارەکانی سەرپشتی ئەو دایناسۆرە نزیک بە (1/5) مەتر مەزەندە کراون.

پەردە و پەڕڕەی سەرپشتی سپەینۆساوروسەکان بۆ ڕاگرتنی گەرمای لەشی گیاندارەکە بەکار هاتووە، واتە لە دەمی گەرمیی هەوا و لە بەر هەتاو دا، بەشێک لە وزەی گەرماکە لە سیستەمی باوەشێنەکەدا پاشەکەوت کراوە و لە کاتی خۆر ئاوابوون و لە شەوانە دا، گەرمای پاشەکەوتکراو، بۆ گەرمکردنەوەی لەشی ئەو گیاندارەی دەکار کراوەتەوە. بوونی سیستەمە کۆنترۆلی پلەی گەرما و سەرمای لەش، دەتوانێ پشتی ئەو بۆچوونە ڕاست بکاتەوە کە دەگوترێ گیانداری ناوبراو لە ڕەدەی گیاندارانی خوێن سارد دا بووە.

هەروەها، باوەشێنی ناوبراو لە کاتی تووڕە بوون و گرتنی نەچیر دا فش بۆتەوە. لە دەمی جووت گرتنی نێر و مێیەکانیش دا ئەو باوەشێنە بە چەشنی کلکی (عەلەشیش = قەلەموونە)، چەتری هەڵداوە.



سپەینۆساوروسەکان کاتێک بە باوەشێنی سەرپشتیان چەتریان هەڵداوە، کە تووڕە بووبن یان لە مەیدانی عەشق و عاشقی دا دژ بە ڕقەبەری عەشقی خۆیان پێکۆڵە شەڕیان کردبێت.

ددان و دوو شەویلکەی درێژ و بەتوانای سپەینۆساوروسەکان وێچوویيەکی تەواویان هەبووە دەگەڵ دەم و ددان و شەویلکەکانی کرۆکۆدیلی ئیمڕۆیی و هەر ئەو دڕندەیی کرۆکۆدیلەکانی سەردەمی ئێمەیان پێوە دیار بووە.



دوو شەویلکەی درێژ و ددانە تیژ و لووسەکانی سپەینۆساوروسەکان وێچوونێکی تەواویان هەبووە دەگەڵ کرۆکۆدیلەکانی سەردەمی ئێمە.

سەر و کەللەی سپەینۆساوروسەکان گەلێک زل، نێوچاوانیان هەڵتۆقاو، دەم و لمبۆزیان ڕەق و زەق و دەرپەڕیو بووە.



سپەینۆساوروسەکان کەللەیەکی زل و نێوچاوانێکی هەڵتۆقاو و دەم و لمبۆزێکی ڕەق و دەرپەڕیویان هەبووە.

## شێوەی ڕاوەستان و ڕۆیشتنی سپەینۆساوروسەکان :

ئەو گیاندارە لە سەر دوو پێیان ڕۆیشتووە، ڕاوەستاوە و ڕای کردووە. قاچەکانی سپەینۆساوروس ئەستوورتر و درێژتر لە دەستەکانی بوونە. بەڵام دوو دەست و دوو لاقەکانی ئەو گیاندارە سێ قامکە بوونە و هەر قامکەش نێنۆکێکی تیژی چەشنە قولاپیان بە سەرەوە بووە.



دەست و پێی سپەینۆساوروسەکان سێ قامکی بوونە، کە هەر قامکەی نینۆکێکی تیژی قولاپ ئاسایان بەسەرەوە بووە.

درێژیی قامەتی سپەینۆساوروسەکان 12 هەتا 15 مەتر، کیش و قورساییەکەیان لە نێوان 4 هەتا 8 (تۆن = تەن) مەزەندە کراوە.

## خورد و خۆراکی سپەینۆساوروسەکان :


ئەو چەشنە دایناسۆرە گۆشتخۆرانێکی دڕندە بوونە و لە خواردن و ڕاوکردن دا لە هیچ چەشنە گیاندارێک نەبوراون. تەنانەت گەلێک جاران بۆ (سارۆپۆد)ەکانیش چوون و ئەوانیشیان ڕاوکردووە. لە کەنار ئاوەکانیشدا ڕاوە ماسییان کردووە و ماسی گەورەیان لە ئاو کێشاوەتە دەر و خواردوویانن.



سپەینۆساوروسەکان گۆشتخۆرانێک بوون، کە لە وشکانی و دەریاکانیش دا ڕاویان کردووە.


## پلەی فام و ڕادەی بەهرەی هۆشی سپەینۆساوروسەکان :

سپەینۆساوروس دایناسۆرێک بووە لە تیرەی (ترۆپۆد)ەکان. سپەینۆساوروسەکان مەزنترین ترۆپۆد و گەشەسەندووترینی ئەندامی ئەو بنەماڵەیە بوون. بەهرەی هۆشی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە نێو هەموو چەشنەکاندا، لە ڕەدەی فامدار و بەهۆش ترینیان دێنە هەژمار.



## چۆنییەتی ڕەوت و ڕۆی سپەینۆساوروسەکان :


دوو قاچی ماسولکەیی و پڕ هێز و توانای سپەینۆساوروسەکان جەستەی چەند هەزار کیلۆیی ئەویان زۆر بە سانی و ڕەوانی بەرەو هەموو شوێنێک بردووە. ئەو گیاندارە قورسە، زۆربەی تەمەنی هەر لە سەر دوو قاچان ڕۆیشتووە. دەستەکانی بە دەگمەن خستۆتە سەر هەرد. دەستە چەنگوڕ دارەکانی زیاتر لە شەڕکردن و و نەچیرگرتن و خواردن دا دەکار هاتوون.




بەپێی نمای دەست و پێی سپەینۆساوروسەکان، وێدەچێت کە ئەو گیاندارە لە کاتی ئاسایی و گەڕان و سووڕانەوە، زیاتر بە شێوەی هەڵبەز دابەزو قەڵەمتۆز هاویشتنی چەشنی کانگۆڕۆکان کاری خۆی مەیسەر کردبێت. بەڵام لە دەمی ڕاوکردن و شوێن پێ هەڵگرتنی نەچیر دا، زۆر خێرا ڕای کردبێت .

## سەردەمی ژیانی سپەینۆساوروسەکان :

نێوەڕاستی دورەی کرەتاسیوس ، واتە 95 ملیۆن ساڵ لەمەو بەر، سەردەمی ژیانی ئەو چەشنە دایناسۆرە بووە. سپەینۆساوروس لە مەڵبەندە گەرمە نزیک بە ئاوەکان ژیاوە. هەر لەو دەورەیەدا و هەر لە نزیک مەڵبەندی ژیانی سپەینۆساوروسەکان، چەشنە دایناسۆرێکی باوەشێن داری گیاخۆریشی لێ ژیاوە، کە بە(ئەورانۆساوروس) نێودێر کراوە.



## شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی سپەینۆساوروسەکان :

ساڵی 1915 ی زایینی یەکەم فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ئەفریکا دۆزرایەوە. دیرینەناسێک بە ناوی (Ernest Stromer)، ناوی سپەینۆساوروسی بە بەژن بڕی. زۆربەی فۆسیلی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە وڵاتانی ئەفریکایی ، واتە لە میسر و مەراکش(مەغریب) دا دۆزراونەتەوە .



چەند نموونە لە فۆسیلی سپەینۆساوروسەکان :



سیستەمی سەر و کەللە و شەویلکە و ددانەکانی سپەینۆساوروس



بەشێک لە فۆسیلی دەست یان پێی سپەینۆساوروس


فۆسیلی ددانی سپەینۆساوروس


فۆسیلی نینۆکی سپەینۆساوروس



فۆسیلی بەشێک لە ئێسقانەکانی مل و شەویلکە و ددانەکانی سپەینۆساوروس




فۆسیلی ئێسقانی سەردەستی سپەینۆساوروس



فۆسیلی بەشێک لە ئەندامەکانی سپەینۆساوروس


## ستەیراکۆساوروس

## Styracosaurus = Sty- Rack-o-saw-rus




## تایبەتمەندی :

ستەیگۆساوروس، یان(مارمێلکەی بزماردار)،چەشنە دایناسۆرێکی سەر زلی، دەست و پێ کورتی، قورسی، پێست گرێ گرێ بووە. ستەیگۆساوروس لە بەشی پشت سەری دا شەش شاخ، لە نێوانی دوو کونە لوتی دا شاخێک و لە سەرەوەی دوو چاوەکانیشی دا دوو گرێی زەقی ئێسقانیی هەبووە. شاخی تیژی سەر کۆنەلووتی ئەو گیاندارە، (65) سەنتیمەتری درێژایی بووە. وا وێدەچێت کە ئەو چەشنە دایناسۆرە شاخدارە، لە دەمی هێرشی دایناسۆرە گۆشتخۆرەکاندا شاخەکانی دەکار هێنابێت. هەروەها لە کاتی نزیک بوونەوەی جووت گرتن و پێک بڕانی نێر و مێیەکاندا، لەوانەیە ئەو شاخانە بۆ کێ بەر کێ و وەدەست هێنانی حەز و خوازیاکانیان دەکار هاتبن.



دیمەنی سەر و سەکوت و شاخ و گرێی سەر دەم و چاوی ستەیراکۆساوروس

قورسایی جەستەی ئەو چەشنە دایناسۆرە، نزیک بە 3000 کیلۆ بووە. ئەو کێش و قورساییە لە جەستەیەک دا جێگیر بووبوو، کە درێژاییەکەی(5/5)مەتر و بەرزایی باڵاکەی نزیک بە(2) مەتر بووە.

کلکی ئەستوور و سەری باریکی ئەو چەشنە دایناسۆرە، دەگەڵ بارستایی بەژن و باڵاکەی ڕێکی یەک بوون.



کلکی قوڵە و قایمی ستیراکۆساوروس

لە پشت سەری ستەیراکۆساوروس، لە نێوانی کەللە سەر و نێو شانی دا، تیغەیەکی ئەستووری ئێسقانیی هەبووە، کە شەش شاخی سەر تەوقی سەریشی بە سەرەوە بووە. ئەو تیغە ئەستوورە ئێسقانییە لە کاتی خەتەر دا بە چەشنی قەڵغان کەڵکی لێ وەرگیراوە.

ستەیراکۆساوروس لە جیاتی دەم و لێو، چەشنی باڵندەکان خاوەنی دەندووک بووە.



قاچ و قولی ستەیراکۆساوروس چەشنی لاقی فیلەکانی ئیمڕۆیی، ئەستوور و قامک دار بوونە.



تیغەی ئێسقانیی سەر تەپڵی سەری ستەیراکۆساوروس .

## شێوەی ژیانی ستەیراکۆساوروسەکان :


دوای ئەوەی کە گۆڕێکی بە کۆمەڵی پڕ لە ئێسقانی فۆسیلەبووی ئەو چەشنە دایناسۆرە دۆزرایەوە، سەلمێندرا کە ستەیراکۆساوروسەکانیش وەکی هەموو بنەماڵەی (سەراتۆپسەن)ەکان بە کۆمەڵ ژیاون.

ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ڕێی هێلکەوە زە و زوویان کردووە. هەر وەها لە ڕێی خوێندنەوەی ئاسەواری فۆسیلەکانیان دەردەکەوێت کە لە سەردەمی ساوایی جۆجیلەکانیان دا، دایک و باوک، پارێزگاریان بوونە.

جیاوازیی ئەو چەشنە دایناسۆرە لەوانی تر ئەمەیە کە، کاتی هێرش هێنانی دایناسۆرە گۆشتخۆرەکان، ئەوانیش بە تێکڕا بەرەنگاریان ڕاوەستاون و شەڕیان لە گەڵدا کردوون. هەر ئەو ڕاوەستان و بەرگری کردنەش دەفریایان هاتووە و گەلێک جاران لە خەتەری ڕزگار کردوون.



لە دەمی مەترسی هێرشی دایناسۆرە
گۆشتخۆرەکاندا،دایک و باوکەکان
ڕۆڵەکانی خۆیان لە خەتەر پاراستووە.





## سەردەمی ژیانی ستەیراکۆساوروسەکان :


لە ئاخری دەورەی کرەتاسیوس، واتە لە نێوانی 70ـ 77 ملیۆن ساڵ لەمەو بەر، ستەیراکۆساوروسەکان لە ژیان دابوون. دایناسۆری ناوبراو ئاخر چەشنەکانی دایناسۆر بوون کە هاتوون و دوای ئەوان توخم و تۆوی دایناسۆر فەوتاوە.



## خورد و خۆراکی ستەیراکۆساوروسەکان :

بەپێی وتەی زانایانی بواری دایناسۆرناسی، ستەیراکۆساوروسەکان توانیویانە خۆراکی خۆیان باش بجوون و بە جووتراوی قوتی بدەن. لە حاڵێکدا ئەم چەشنە خواردنە بە لای دایناسۆرەکانی ترەوە نەبیندراوە.

شایانی باسە بگوترێ کە تەرتیب و سیستەمی دوو شەویلکەی ئەو گیاندارە بە چەشنیک بووە، کە لە بەشی پێشەوە دا دەندووک و، لە بەشی دواوە دا دوو ڕیزە ددان بۆ خواردن و جووتن لە خزمەتی دا بوونە.





## ڕەوت و ڕۆی ستەیراکۆساوروسەکان :

ئەگەرچی ستەیراکۆساورەسەکان گیاندارانێکی دەست و پێ قوڵەی گۆشتن بوون و دەبوایە لە ڕەوت و ڕۆ دا تەپ و تەمبەڵ بن، بەڵام لە ڕێی ئاسەواری جێ پێی فۆسیلەبووی ئەو گیاندارانە وا دەردەکەوێت کە لە ڕۆیشتن و تەنانەت لە غاردان و ڕاکردنیش دا چابوک و چالاک بوونە. بە گوتەی زانایانی فۆسیل ناس، دەبێ خیرایی هەڵاتنی ستەیراکۆساوروسەکان 32 کیلۆمەتر لە کاتژمێر دا بووبێت.



## ڕادەی فام و بەهرەی هۆشی ستەیراکۆساوروسەکان :


ئەو چەشنە داناسۆرە ئەندامی بنەماڵەی (سەراپتۆسەن)ەکان بووە. ڕێژەی مێشکی ئەو چەشنە دایناسۆرە بەنیسبەتی کێش و قورسایی لەشیان، ڕادەیەکی مامناوەندی بوونە، واتە پلەی فام و بەهرەی هۆشیان مامناوەندی بووە.




شوێنی دۆزینەوەی فۆسیلی ستەیراکۆساوروسەکان :

ساڵی 1913 ، فۆسیلێکی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە ئەلبەرتای وڵاتی کەنەدە دۆزرایەوە. فۆسیلی دۆزراوەوە لە لایەن دیرینەسێک بە ناوی (لامبی) بەو نێوە نێودێر کرا.

زیاترین فۆسیلی دایناسۆری ناوبراو لە ئەیالەتی ئاریزۆنای ئەمریکا دۆزراوەتەوە، کە سەرجەمی فۆسیلە دۆزراوەوەکان، ژمارەی 100 دایناسۆر تەواو دەکات.



نمونەی چەند فۆسیلی ستەیراکۆساوروس :



نمایەک لە چوارئێسکەی دایناسۆری چەشنی ستەیراکۆساوروس











# سوکۆمەیموس تەنەرەنسیس
# Suchomimus Tenerensis




سوکۆمەیموس تەنەرەنسیس

تایبەتمەندی :

سوکۆمەیموس تەنەرەنسیس، چەشنە دایناسۆرێکی گۆشتخۆری دڕندە بووە، کە دوو شەویلکە درێژەکانی بە وێنەی شەویلکەی کرۆکۆدیل درێژ و پڕ ددان بوونە. ددانی تیژی ئەو گیاندارە دەگەڵ چەنگوڕەکانی، سامناکی و دڕەندەیی ئەو دایناسۆرەیان لێ دیارە.

سوکۆمەیموس ترۆپۆدێکی گۆشتخۆر بووە کە زۆربەی خۆراکەکەی لە گوشتی ماسی وەدەست هێناوە.


درێژایی بەژنی گەیشتۆتە 13 مەتر و بەرزایی باڵاکەی 5 مەتە و کێش و قورسایی جەستە مەزنەکەی بە 6000 کیلۆ مەزەندە کراوە.

لە سەر دوو شەویلکەی درێژی سوکۆمەیموس، نزیک بە 100 ددانی تیژ جێگیر بوون کە ددانەکانی پێشەوەی ناو دەمی، بەرزتر لەوانی پشتەوەی بوون.



سیستەمی لووت و چاو و زمان و ددانەکانی سوکۆمەیموس

سوکۆمەیموس لە حاستی پێشووی دوو لمبۆزی دا دوو کووڕایی هەبووە بە وێنەی چەناگە. ئەو چەناگەیە لە دەمی ڕاوکردندا بواری ئەوەی بۆ ڕەخساندووە کە کێهە ددان درێژ و کاریگەرترن، ئەوان بۆ ڕاوکردن بەکار بێنێت.




سوکۆمەیموس لە بەشی هەرە پێشووی لمبۆزی دا دوو کووڕایی هەبووە ، کە ئەو دوو کووڕاییە بواری ئەمەیان بۆ ڕەخساندووە تاکوو کام ددان تیژ و بەکارە، ئەوان لە ڕاوکردن دا بکار بێنێت.

دوو باسکی سوکۆمەیموس کورت بوون، بەڵام پەنجەکانی سێ نینۆکی تیژ و درێژیان بەسەرەوە بووە کە درێژایی نینۆکەکانی نزیک بە 35 سانتیمەتر بوون. لە کاتی ڕاو و گرتنی نێچیر دا، دەست و باسک و نینۆکانەی سوکۆمەیموس یاریکاری شەویلکە و ددانە بەسامەکانی بوونە.



دەست و باسک و نینۆکە تیژەکانی سوکۆمەیموس لە گرتن و خواردنی نێچیر دا باشترین یاریکاری ئەو بوونە.


سیستەمێکی دەماری بە چەشنی باوەشێن، بە سەر پشتی ئەو دایناسۆرەوە بووە. بە پێی بۆچوونی زانایان، ئەو سیستەمە دەبێ دەزگای کۆنترۆلی پلەی گەرمای لەشی گیاندارەکە بووبێت. کارایی ئەو سیستەمە لەمەدا بووە، کە لە دەمی بەیانان دا گەرمای پێویستی گەیاندۆتە لەشی گیاندارەکە و بەپێچەوانەش، لە گەرمەی گەرمای نیوەڕۆیانی دەورەی کرەتاسیوس دا، هەر ئەو سیستەمە وەک شکێنەری تەزووی گەرمای زیانبەخشی کار کردووە. ئەگەر ئەو بۆچوونە ڕاست بێت، دەبێ سوکۆمەیموس لە ڕیزەی گیاندارانی خوێن سارد دا بووبێت و ئەو دەزگا بەنرخە ئەوانی لە بەرەی گیاندارانی تر دا جیا کردبووبێتەوە.



بەپێی بۆچوونی زانایان، باوەشێنی سەرپشتی سوکۆمەیموس، دەبێ سیستەمی کۆنترۆلی گەرمای لەش گیانداری ناوبراو بووبێت.

## شوێنی ژیانی سوکۆمەیموس :

شوێنی دۆزینەوە فۆسیلی سوکۆمەیموس، کە دەبێتە مەڵبەندی ژیانی ئەو چەشنە دایناسۆرە، بیابان و لمزارەکانی ئیمڕۆی ئەفریکا بووە. ئەو بیابان و لمزارە بەربڵاوەی کە ئیمرۆکە دەکەوێتە نێوان وڵاتانی ئەلجەزایر، مالی و نایجەریا، نزیک بە 100 ملیۆن ساڵ پێشتر، هەر نەک بیابان و(سەهەرا) نەبووە، بەڵکە مەڵبەندێکی زنوێری پڕ چەم و ئاو و دار و دارستان بووە.




بیابانەکانی( سەهەرا)ی ئەفریکا شوێنی ژیانی(سوکۆمەیموس)ەکان بووە.

سوکۆمەیموس، کە بەهۆی وێچوویی دەگەڵ کرۆکۆدیل، بە (کرۆکۆدیل دایناسۆر) ناسراوە، لەو سەرزەمینە زنوێر و پڕ ئاو و چەمە دا توانیوێتی گەشە بکات و هەڵ بدات. بەتایبەت کە خۆراکی رۆژانەی دایناسۆری ناوبراو، زیاتر ماسی بووە.



## دۆزینەوە و خوێندنەوەی فۆسیلی سوکۆمەیموس :

گروپێکی 18 کەسی لە زانایانی دیرینەناس، بە سەرۆکایەتیی(پاوەلۆ سەرنەو) لە بەشی بیابانەکانی نایجەریا دا دایناسورێکی مەزنی شەویلکە درێژی چەشنی کروکودیلیان دۆزییەوە. دایناسۆری دۆزراوەوە، ناوی (سوکۆمەیموس تەنەرەنسیس)ی وەرگرت و بەم ناوە ناسرا.

(دەیڤید ڤاریچیۆ)، لە چواری دەسەمبەری ساڵی 1997 دا چەنگورەکانی ئەو گیاندارەی دۆزییەوە. دوای پشکنینی ژێر لمزارەکان، زیارە لە 400 لەتکە ئێسقانی فوسیلە بووی ئەو چەشنە دایناسۆرە دۆزرایەوە کە سەرجەمی ئەو چەند سەت لەتکە فۆسیلە، سکلێتی سوکۆمەیموسیان لێ ساز بوو.



گەڕان بە شوێن فۆسیلی سوکۆمەیموس


هەر لەو شوینەی کە فۆسیلی سوکۆمەیموسی لێ دۆزرایەوە، دەیان و سەدان لەتکە فۆسیلی ماسی و کرۆکۆدیلی زۆر مەزنیشیان لێ دۆزییەوە.

(پاوەلۆ سەرنەو) دەڵی کە کاتی گەڕان بە شوێنی فۆسیلی دایناسۆر، لەبەر زۆری و زەبەنیی فۆسیلی کرۆکۆدیلەکان، دەبوایە بەسەر فۆسیلی ئەواندا هەنگاومان هەڵێنابایەوە.

## خورد و خۆراکی سوکۆمەیموسەکان :

هەر وەکی ئاماژەی پێکرا، ئەو چەشنە دایناسۆرە، ماسیخۆرانی سەردەمی خۆیان بوون و زۆربەی خواردنی ڕۆژانەیان لە گۆشتی گیاندارانی ئاوی دابین کردووە. لە کاتی ڕاوکردنی ماسی و خواردنی گیاندارانی ئاوەژی دا، زۆرجاران دەگەڵ کرۆکۆدیلەکان تووشی شەر هاتووە و یەکتریان لەت و کوت کردووە.





شەڕ و بەربەرەکانێی کرۆکۆدیل و سوکۆمەیموس


## سەردەمی ژیانی سوکۆمەیموس :

ئەم چەشنە دایناسۆرە و گەلێک لە ئەندامانی تیرەی(سپەینوزارید )ەکان،لە درێژەی دەورەی کرەتاسیوس، واتە 100 ملیۆن ساڵ پێشتر ژیانیان بردۆتە سەر.
چەندێک لە هاوبنەماڵەی سوکۆمەیموس بریتین لە: ئەنگەتۆمارا، بەریونەیکس، ئەیریتاتۆر، سیەمۆساوروس و سپەینوساوروس بوون.



## پلەی فام و ڕادەی بەهرەی هۆشی سوکۆمەیموس :

سوکۆمەیموس لە گۆشتخۆرەکانی تیرەی سپەینوزارید و لە بنەماڵەی ترۆپۆدەکان بوون. بەهرەی هۆشی ئەو چەشنە دایناسۆرە لە نێو هەموو چەشنەکاندا، لە ڕەدەی فامدار و بەهۆش ترینیان دا دێنە هەژمار.



چەند نموونە لە فۆسیلەکانی سوکۆمەیموس :



گەڕان بە شوێن فۆسیلی سوکۆمەیموس دا .







سیستەمی دوو شەویلکە و ددانەکانی سوکۆمەیموس


فۆسیلی چەند ددانێکی سوکۆمەیموس


فۆسیلی
نینۆکێکی سوکۆمەیموس




سەر و کەللە و شەویلکە و ددانەکانی سوکۆمەیموس



فۆسیلی شەویلکە و ددانەکانی سوکۆمەیموس لە پێشەوە ڕا



سەر و سەکوت و شەویلکە و ددانەکانی سوکۆمەیموس
لە لاتەنیشتەوە ڕا .






فۆسیلی دانێکی سوکۆمەیموس